# ئاینده

ژماره (١٦٣) ساڵی چواردەهەم
چوار شەمە، ٢٠١٠/٩/١
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات


بەناوی ستافی ڕۆژنامەی ئایندەوە، بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە، جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم موسڵمانی جیهان دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین ڕۆژوو عیبادەتی سەرجەم موسڵمانانی قبوڵ کردبێت.
ئاگاداری خوێنەرانی (ئاینده) دەکەین، کەژمارەی داهاتوو لەبەر هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، ڕۆژنامەکە دەرناچێت.

ستافی ڕۆژنامەی ئاینده

# کۆمپانیای دڵنیایی لەنێوان حەڵاڵی وحەرامیدا

## ئەندامی باڵای فتوای زانایان: "ئەو بڕە پارەی کەلەلایەن کۆمپانیایی دڵنیاییەوە وەردەگیرێت، حەرام نیەو هاوڵاتیان ئەتوانن سودمەندبن لێی"

**ئا:شۆخان ناسر/ سلێمانی**..............................

یەکێک لەومەسەلانەی ئەمڕۆ خەڵکی سەرقاڵکردووە لەمامەڵەکانیاندا، بەتایبەتی لەپێشینەی خانووبەرەدا بوونی ئەوبڕە پارەیە کەلەلایەن کۆمپانیایی دڵنیاییەوە لەهاولاتی وەردەگیرێت، بۆناسینی کارو خزمەتوجۆری ئەودڵنیاییە لەم کۆمپانیایادا، (ئازاد محمد عارف) جێگری بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی هەرێم لەسلێمانیو، بەڕێوەبەری کۆمپانیایی دڵنیایی لە کوردستان بەوەکالەت. بە ڕۆژنامەی ئاینده ڕایگەیاند: "کۆمپانیاکەمان سەر بە وەزارەتی داراییو ئابورییەو لەهەوڵی ئەوەداین لە داهاتویەکی نزیکدا ببێت بەبەڕێوبەرایەتی گشتی دڵنیایی لە هەرێمی کوردستانداو کار بەهەمووجۆرەکانی دڵنیاییەوە بکات، ئێستاش لەم کۆمپانیایەماندا لە چەند بوارێکدا هاولاتی دەتوانێت دڵنیایی بکاتەوە وەک:

–لەبواری پێشینەی خانووبەرە بۆ ئەو ماوەیەیی کە هاوڵاتی ئەبێت بڕی پێشینە بداتەوە، ئەگەر هاوڵاتی لەو ماوەیەدا مردو قەرزی پێشینەی لەلا مابوو، ئەوا کۆمپانیایی دڵنیایی ئەوبڕە قەرزەی کەلەلای ماوە ئەیداتەوە بە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرە، ئەمەش بۆ هاوکاریوخزمەتی هاوڵاتیانە کە ئێستا لەپێشینەی خانوبەرەدا جێ بەجێ دەکرێت.

–دڵنیایی بۆ ئەوانەی سولفەی زەواج وەردەگرن .

هەروەها ئەوانەی کەپێشینەی کشتوکاڵی وەردەگرن، یان ئەوانەی (بیت زجاجیان) هەیە کە بڕێک قەرز وەردەگرن لە حکومەت، بەڵام کۆمپانیا ئەتوانێت تابڕی (٢٠) ملیۆن بدات، ئەگەر ئەوان قەرزی زیاتریش وەربگرن کە زەرەر رویدا ئێمە هەر تا ئەو ئاستە قەرەبووی دەکەین.

–دڵنیایی بە کۆمەڵ بۆ ئەوانەی سەر بە ڕێکخراوەکانو، لەبواری مین هەڵگرتنەوەدا کاردەکەن، هەروەها دڵنیایی تاک هاوڵاتی بەپێی توانای ماددی خۆی دەبێت گرێبەستەکە ئەنجام بدات بۆ ئەو ماوەیەی کەهاوڵاتی خۆی دەیەوێت. ئەگەرماوەی گرێبەستەکە تەواو بوو، توشی هیچ زەرەرێک نەهات ئەوا کۆمپانیایی دڵنیایی پارەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

ئێستاش لە هەوڵی ئەوەداین (تامینی الزامی) جێبەجێ بکەینوکاری بۆ دەکەین کە ئەمەش بڕێک پارەی زیادەیە دەخرێتە سەر بەشە نەوتو گازی هەر هاوڵاتیەک، ئەو زیادەیە لای ئێمە وەک تامینی ئەوکەسە پارێزراوە لەکاتی ڕودانی هەر ڕوداوێکدا ئێمە لەو بڕە پارەیە قەرەبوی بۆدەکەین، هیواداربن حکومەتی هەرێم کاری بۆ بکات، چونکە بە پلەی یەکەم لە قازانجی هاوڵاتیە.

سەبارەت بە بوونی دڵنیایی لە پێشینەی خانوبەرەو ئەو بڕە پارەیەیی کەلەهاوڵاتیان وەردەگیرێت لەلایەن کۆمپانیای دڵنیاییەوە، کەبۆتە هۆی دروست بوونی نیگەرانی لای هاوڵاتیانو زۆرێک لە مامۆستایانی ئاینی ئاماژە بەوە دەکەن کە حەرام بێت، مامۆستائەحمەد شافعی ئەندامی لیژنەی باڵای فتوای کوردستان، لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: "ئەو بڕە پارەی کەلەلایەن کۆمپانیایی دڵنیاییەوە وەردەگیرێت حەرام نیەو هاوڵاتیان ئەتوانن سودمەندبن لێی، چونکە هاوڵاتی ناچارە ئەوبڕە پارەیە بداتو سوو زیادەشی لەسەرنیە، بەبێ وەرگرتنی ئەم بڕە پارەیە لە هاوڵاتیان کارەکەیان بۆناکرێت، ئەوا دڵە ڕاوکێی ناوێتو ئەتوانن بەشداربن".

مامۆستا ئاماژەی بەڕای زانایانی سەردەمدا: "زانایانی سەردەم لەم بارەیەوە بەم شێوەیە فتوایان داوە (التأمين الاجبارى نوع من نوع الضريبه يدفعها التاجر ولايحتمل جراء ذلك اى وزر).

ئیمامی نەوەوی فەرمویەتی: (ئەگەر کەسێک کارو ئیشێکی خۆی هەبوو، بەبێ پارە ئیشەکەیان بۆ نەکرد با ئەو ئیشە بکات بۆ ئەو حەرام نابێت")

هەر سەبارەت (بەدڵنیایی– هاریکاری – التعاون) ئەو ئەندامەی لیژنەی باڵای فتوا ئاماژەیی کرد: "ئەمە خزمەتێکی مرۆڤانەیەو، حەرام نیە لەبەر ئەوەی ئەوکەسە هەم خۆی ڕەزامەندەو لەهەمان کاتدا سودمەندیشە، وەگرێبەستەکەیان شەرعیە لەبەر ئەوەی غەرەری تیانیەو مامەڵەیەکی ڕونو ئاشکرایە".

# دوای کۆکردنەوەی (١٥٠٠٠) واژوی هاوڵاتیان

## ئەندامانی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمان پشتگیری خۆیان بۆ پڕۆژەی کەمپینەکە دەربڕی

**ئاینده/ سلێمانی**..............................

بەرواری ٢٠١٠/٨/١١ تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان و فیدراسیۆنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی، سەرپەرشتی دانیشتنێکیان کرد لەسەر فەرمانی وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بە زیادکردنی نرخی عیادەکان، پاش کۆکردنەوەی زیاترلە (١٥٠٠٠) واژووی هاوڵاتیان بۆپشتگیری کەمپینەکە، بەرواری ٢٠١٠/٨/٢٤ لیژنەی بالای کەمپینی (نا بۆ زیادکردنی نرخی عیادەکان)، کۆبونەوەیەکی ئەنجامدا، کەتیایدا بڕیاردرا پەیوەندی بکەن بەلایەنی پەیوەندیدارەوە، لە نوسینگەی پەرلەمان وسەندیکای پزیشکان و وەزارەتی تەندروستی، هەر لەو کۆبونەوەیەدا یاداشتنامەیەک ئاڕاستەی لایەنەپەیوەندیدارەکان کرا، کەتیایدا ئاماژەبە یەکخستنی نرخی پشکنینی نەخۆشی لەنورینکە ئەهلیەکانی پزیشکاندا کردووە، کەبۆتە هۆی بەرزبونەوەی نرخەکە لەکوردستانداو، ناڕەزای هاولاتیانی لێکەوتەوە.

سەبارەت بەدیاری کردنی ئەونرخە بەرزە بۆبینینی نەخۆش لەنورینگە تایبەتیەکاندا، لەگەڵ بژێوی هاولاتیان ناگونجێت،



بۆیە داواکارن لەوەزارەتی تەندروستی بە:

–هەڵوەشاندنی فەرمانی وەزاری سەرەوە.

–نەهێشتنی دیاردەی بینینی بە کۆمەڵی نەخۆش.

–پێدانی کاتی تەواو بەپشکنینی نەخۆش.

–سەربەستکردنی نەخۆش لەهەڵبژاردنی تاقیگەو دەرمانخانەو تیشک.

–دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست وپاکو خاوێن و ئارام لەکلینک ونەخۆشخانەکاندا.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕێکخراوەکان ئەم خزمەتە بەئەرکی خۆیان دەزانن و خۆبەخشانە کارئەکەن بۆئەم مەسەلەیە. بەلام لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا سەندیکای پزیشکان باس لەوە دەکات کە ئەم کارەی ئەو کەمپینە دەیکات سوکایەتیە بەپزیشکان وبەکاری پزیشکی.

هەروەها ڕۆژی ٢٠١٠\٨\٣٠بەمەبەستی پشتگیری لەداواکاری کەمپینەکە، لیژنەی بالای کەمپینی نا بۆ زیادکردنی نرخی عیادەکان، سەردانی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد، دوای تاوتوێکردنی پرۆژەکە لەلایەن ئەندامانی نوسینگەوە، پەرلەمانتاران هەڵوێستو پشتگیریو هاوکاری خۆیان بۆداواکاریەکانی کەمپینەکە دەربڕی.

# وەفدێکی یەکگرتووی خوشکان سەردانی پرۆفیسۆر (د.عەلی قەرەداغی) دەکات

**ئاینده/ سلێمانی**..............................

ڕۆژی ٨/١٢ وەفدێکی بالای یەکگرتووی خوشکان، کە پێکهات بوو لە بەرێزان (بەیان نوری) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو و (بیخاڵ ئەبوبەکر) سکرتێری خوشکان و (بەیان حەمەعەلی) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، سەردانی بەرێز پرۆفیسۆر( د.عەلی قەرەداغی) کرد لە بارەگای تایبەتی خۆی لە گوندی نەوتی قەرەداغ .

وەفدەکە پیرۆزبایی خوشکانیان ئاراستەی بەرێز ( د.عەلی) کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، و بە پۆستێکی گرنگیان لەقەڵەمدا لەهەردوو ڕەهەندی ئاینی و نەتەوەییەوە .

و هیوایان خواست کە بەرێزیان ڕۆڵی خۆیان بگێرن لە نوێگەری و ڕاستکردنەوەی تێروانین بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بە تایبەت لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا کە بەداخەوە چەندین دابونەریتی هەڵە زاڵکراوە بەسەر یاساشەرعییەکاندا و ئافرەتی پێ دەچەوسێنرێتەوە و توانا و لێهاتووییەکانی پەراوێزخراوە .

لە بەرامبەریشدا ، بەرێزیان وێرای پێشوازی گەرم، پشتگیری بۆچون و داواکارییەکانی خوشکان بوو و بەڵینی هەموو هاوکارییەکیدا .

# یەک لەسێی بەشداربووانی (خەڵاتی قەدر) ئافرەتان بوون

**ئا/ ئاشتی جەمیل/ هەڵەبجەی شەهید**.......

لەژێر دروشمی (قورئان جوانترین خەڵاتی ڕێزلێنانی خوایە بۆ مرۆڤەکان)، ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (٥) یەکگرتووی ئیسلامی، بەناوی (خەلاتی قەدر)ەوە، هەستا بەدابەشکردنی دیاری بەسەر نوسەرو ئەدیب و وەرگێڕو خاوەن قەڵەمەکانی سنووری هەڵەبجەی شەهید کەکتێب و نامیلکەی چاپکراویان هەیە، ژمارەیەکی بەرچاووی ئەو نوسەرانەش ئافرەت بوون، کە سێی یەکی بەشدار بووان دەبوون.

(مودریک عەلی)، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی (٥) یەکگرتوو بەم شێوەیە باسی لەخەلاتی قەدر کردو وتی: "وەکو ڕێزێک و پێشوازییەک لە مانگی ڕەمەزان، و جیاواز لەسالانی تر پێمان باش بوو ئەم ساڵ وەک ڕێزلێنانێک خەڵات بەسەر نوسەرو ئەدیب و وەرگێڕەکانی سنووری هەڵەبجەی شەهید بکەین، ئەو نوسەر ناوەرۆکی کتێبەکەی هەرچی بێت و خاوەنی ئەو کتێبە هەرجۆرە ئایدیاو بیرو بۆ چونێکی هەبێت گرفت نەبووە بۆ ئێمە. و (٦٥) کەس لەهەردوو ڕەگەز بەشداری ئەم خەلاتی قەدرەیان کردوە و سەرجەمیان خەلاتیان پێ بەخشراوە. بەلام کراون بەدوو گروپەوە لەڕووی ژمارەی کتێب و قەبارەی کتێبەوە، ئەم دوو گروپە یەکەم تا پێنجەم خەلهتی تایبەت کراون".

بەنسبەت بەشداری ئافرەتانیش وتی: "ڕێژەیەکی باشی ئافرەتان بەشدار بوونو خەڵاتیان پێ بەخشرا، کە یەک لەسێی بەشداربووان دەبوون".